ریال مەدرید گەیشتە یاری کۆتایی جامی سوپەر

لە جامی سوپەری ئیسپانیا ڕیاڵ مەدرید بە ئەنجامی پێنج گۆڵ بەرامبەر سێ گۆڵ لە ئەتلەتیکۆ مەدریدی بردەوە

لە قەناغی پێش کۆتایی جامی سوپەری ئیسپانیا ڕیاڵ مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید هاوبەووی یەکتر بوونەوە.

لە تایمی یەکەمدا هەر لەگەڵ دەستپێکی یارییەکە و لە خولەکی حەوت ئەتلەتیکۆ مەدرید لە ڕێی یاریزان هەرمەسەوە گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، پاش چەند خولەکێک و لە خولەکی 20 ڕەدیگەر توانی گۆڵی یەکسان بە ڕیاڵ مەدرید بکاتەوە، پاشان ڕیاڵ مەدرید لە خولەکی 30 لە ڕێی مەندیەوە گۆڵی پێشکەتنیان تۆمارکرد، بەڵام شادی ئەو گۆڵە زۆری نەخایاند و لە خولەکی 37 ئەنتوان گریزمان گۆڵێکی جوانی تۆمارکرد و ئەنجامەکێی یەکسان کردووەوە و تایمی یەکەمیش بە دوو گۆڵی یەکسان بە هەردوولا کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەم ڕیاڵ مەدرید بە ئاستێکی بەرزەوە هاتەوە ناو یاریگاوە چەندین جار نزیک بوون لە گۆڵ کردن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لە هەرشێکی هێرشی هاوەڵدا ڕەدیگەر لە خولەکی 78 بە هەڵە گۆڵێکی لە خێیان تۆمار کرد و ئەتلەتیکۆی پێشخست، چەند خولەکێک دواتر لە خولەکی 85 کارفاخا گۆڵی سێیەم و یەکسانی بە ڕیاڵ مەدرید تۆمارکرد و کاتی یاسای یارییەکەش بە سێ گۆڵی یەکسان کۆتایی پێهات.

دواتر پێنا بۆرایە بۆر تایمی زیادکراو، لە پانزە خولەکی زیادکراوی تایمەکە هیچ گۆڕانکی تیا تۆمارنەکرا، لە تایمی دووەمی زیادکراودا ئیاە مەدرید دوو گۆڵی تری تۆمارکرد، لە ڕەی ساڤیچ بە هۆی لە خولەکی 116، وە لە خولەکی دووی زیادکراوی تایمەکەدا برایم دیاز گۆڵ پێنجەمی بە ئیاە مەدرید تۆمارکرد.

بەم ئەنجامەش ئیاە مەدرید بە پێنج گۆڵ بۆرامبەر سێ گۆڵ براوە بوو گەیشتە یاری کۆتایی جامی سوپەر، ئەتلەتیکۆش ماڵئاوایکرد.